دەستگیرکردنی باندێکی تایبەت بە قاچاخی ئەتەمبێلی ئەورووپی لە دەروازەی زەرباتیە

ئەمە پێنجشەممە،دەستەی دەروازە سنووریەکان ڕایگەیاند،کە باندێکی تایبەت بە قاچاخچێتی ئەتەمبێلی ئەورووپی لە دەروازەی زەرباتیە دەستگیرکران.

لە ڕاگەیەندراوەکی دەستەکەدا هاتووە : بەهۆی بەرایەتی دەروازەی سنووری زەرباتیە،توانی باندێکی تایبەت بە قاچاخچێتی ئەتەمبێلی ئەورووپی، کە پێکهاتبوو لە سێ کەس (دوو عێراقی و بیانییەک) دەستگیر بکات.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە : هەمەتی دەستگیرکردنەکە لەلایەن هێزی پاراستنی دەروازەکەوە ئەنجام دراوە.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە : تەمەتباران و ئەتەمبێلەکە هەوانەی بنکەی پۆلیسی گومرگی زەرباتیە کران بە گرتنەبەری هەنگاوی یاساییە پێویستەکان.